هۆنراوە...... بۆ شەهید سەردار، هەم خاڵۆزا و هەم هاورێ...

## (شەهیدی... خاک) ... م. حەمید عەزیز

ئەی پێشمەرگە، ئەی شەماڵی بەختەوەری
تۆ هەم شیعری.. هەم گۆرانی...
دەستێك تفەنگ، دەستەکەی تر شادیت هانی
لەباخی تێکۆشان و گڕ
ڕۆحت، نابوو بەمەرگەوە..
بۆ نیشتمان و قوربانی... !
هۆ کەڵەپیاوی سەربەستی
هەڵۆیەك بووی لەئاسمانی تێکۆشان
گوڵێکیش لەمەملەکەتی خوێن
هەناسەیەکیش لەژیان.
ئەی شەهیدو سومبوولی هێزی خەبات....
ئەی هەڵۆ سەربەرزەکەی شارەزوو ر... !
باڵات گەورەیی پەیامێك بوو
بۆ گەل خۆشی، بۆ دوژمنیش چقڵی چاو
تینووی هۆنراوەی، (ئەی پێشمەرگە) بووی
تۆ برسی ڕێگای ئازادی بووی...
شەیداو عەشقی وولاتێك بووی
مەمللەکەتێك پڕ لەخوێن.. !
تۆ قەڵا بووی... قەڵای وەرزی شەهامەت
خۆزگەی عاشقانی تینوو... تینووی هەڵمەت
تینووی شۆڕش و ڕزگاری...
لەدایك بووی مانگەشەوێکی ڕوناك بووی
بۆیەنیشتمانێکی ئازادت دەویست
دڵی گەورەت...
وەك پەری یەکی سپی کەبۆخووا سوجدەدەبا
ئاوا بۆ نیشتمان سووتا بوو
بووی بەهێما، بووی بەسومبول
بووی بەخۆڵەمێشی عەشق و
بووی بەمێژوو... مێژوویەکی جوانی سەبا.

Hamid773@hotmail. com